# گرنگیی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەرێمی کوردستان

**پرۆفیسۆر دکتۆر بڕیار شێرکۆ بابان**

یەکێك لەسەرچاوە گرنگەکانی یاسای نێودەوڵەتی، بریتییە لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان. دوو جۆر ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی هەیە: ڕێککەوتننامە فرەلایەنەکان و ڕێککەوتننامە دوولایەنەکان. ڕێککەوتننامە فرەلایەنەکان زیاتر داڕێژەری یاسا نێودەوڵەتییەکانن و، هەرچی ڕێککەوتننامە دوولایەنەکانن ڕەهەندێکی گرێبەستییان هەیە؛ دوو دەوڵەت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو ڕێک دەکەون و ئەرك و مافەکانی نێوانیان ڕێک دەخەن.

**عێراق و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان**

سنوور و ڕووبەری ئێستای عێراق بەرهەمی داگیرکاریی بریتانیا لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانە. لە دوای سەربەخۆبوونی لە ساڵی ١٩٣٢وە تاوەکوو ئەمڕۆ، عێراق سەدان ڕێککەوتننامەی پەسەند کردووە. سەرەڕای گرنگیی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، کەچی دەستوورەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٢٥، ١٩٥٨، ١٩٦٤، ١٩٧٠ بایەخێکی ئەوتۆیان بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان نەداوە. بۆ نموونە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨، لەلایەن عێراقەوە لە ساڵی ١٩٥٩وە پەسەند کراوە، کەچی عێراق تا ئەمڕۆ تاوانی جینۆسایدی نەخستۆتە ناو یاسای سزادانی عێراقییەوە؛ بەڵکوو لەوەیش زیاتر، دامەزراوە عێراقییەکان، بە حکوومەت و سوپاوە، تاوانی جینۆسایدیان دژی گەلی کوردستان ئەنجام داوە و، ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکەیان ساڵی ١٩٤٨ی پێشێل کردووە و دەقەکان وەکوو وشەی مردوو لە سیستەمی یاسادانانی عێراقیدا ماونەتەوە.

عێراق لەو وڵاتە سەیروسەمەرانەیە کە ڕێککەوتننامەی دژی بەشێکی گەلەکەی بەکار هێناوە. لە ٦/٣/١٩٧٥ عێراق و ئێران واژۆیان لەسەر ڕێککەوتننامەی جەزائیر کرد و دواتر پەیماننامەی تایبەت بە سنوور و دراوسێتیی باشیان لە ١٣/٦/١٩٧٥ واژۆ کرد کە سێ پرۆتۆکۆڵی دەربارەی داڕشتنەوەی سنووری ئاوی و داڕشتنەوەی سنووری خاکی و پرسی ئاسایشیی لەگەڵ هاوپێچ کرابوو. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ڕێککەوتننامانە، خۆیان بە ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتیی دوولایەنە پیشان دەدا، بەڵام مەبەست لێی، تواندنەوەی شۆڕشی کورد بوو لەو سەردەمەدا. هەر ئەو ڕێککەوتننامەیە، بووە هۆکارێکی سەرەکیی هەڵگیرسانی جەنگێکی درێژخایەنی هەشت ساڵە لە نێوان عێراق و ئێران.

بابەتی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی و عێراق، زۆر پرسی سیاسی و ئابووری و یاسایی لەخۆ دەگرێ، بەڵام ئەوەی پێویستە لێرە بگوترێت ئەوەیە کە دەستوورەکانی عێراق بایەخێکی ئەوتۆیان بە ڕێککەوتننامەکان نەداوە. ئەوەتا ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بەعسی، بەپێی یاسا بەرکارەکانی عێراق، دەسەڵاتی پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی لە ئەستۆ بوو. لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ دەستووری عێراق ئەم دەسەڵاتەی بە ئەنجومەنی نوێنەران داوە.

پێگەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دیاری نەکراوە؛ لە وڵاتە پێشکەوتووەکان پێگەی ڕێککەوتننامەکان لە سەرووی یاساکان و تەنانەت لە سەرووی دەستووریشە. بەڵام دەستووری عێراق ئەوەی دیاری نەکردووە کە نابێت یاسایەك دەربچێت پێچەوانەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بێت. لە ماددەی (٢)ی دەستووری عێراقی بەرکار، تەنیا ئاماژە بەوە کراوە کە نابێت یاساکان پێچەوانەی بنەما جێگیرەکانی ئیسلام و بنەماکانی دیموکراسی و ماف و ئازادییەکان بن کە لە دەستووردا هاتووە. هەروەها ماددەی (١٣)ی دەستوور، زۆر بەڕوونی ڕێگە بە هیچ ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی نادات کە لە سەرووی دەستوورەوە بێت؛ هەرچەندە لە ماددە (٨)ی دەستوور نووسراوە، کە عێراق ڕێز لە پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی دەگرێت. سەرەڕای گرنگیی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام عەقڵییەتی یاسایی عێراقی، نەگەیشتۆتە ئاستی ئەوەی کە لە پێگەی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان تێ بگەن.

**تێنەگەیشتن لە پێگەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان: بڕیاری دادگەی باڵای ئیتیحادی دەربارەی خۆر عەبدوڵڵا وەکوو نموونە**

کێشەی سنووریی نێوان عێراق و کوێت مێژوویەکی دووردرێژی هەیە؛ تا گەیشتە ئەو ڕاددەیەی بەشێك لە سنوورەکانی نێوانیان بەپێی بڕیاری ژمارە (٨٣٣)ی ساڵی ١٩٩٣ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر عێراقدا بسەپێنرێت. بە مەبەستی جێگیرکردنی سنوورەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەتاهەتایە بەشی حەوتەمی چارتەری خۆی بەکار هێنا؛ بەڵام هەندێك بابەتی سنووریی تریش هەبوون، دواتر بەپێی ڕێککەوتننامەی دوولایەنەی نێوان کوێت و عێراق لە ٢٩/٤/٢٠١٢ دەربارەی خۆر عەبدوڵڵا چارەسەر کران.

بەڵام دادگەی باڵای ئیتحادی بڕیارێکی تایبەت بە نادەستووریبوونی ڕێککەوتننامەی عێراق و کوێت دەربارەی خۆر عەبدوڵڵای لە ڕێکەوتی ٤/٩/٢٠٢٣ دەرکرد و، تاکلایەنە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێککەوتننامەی ڕاگەیاند. ئەم بڕیارەی دادگەی ئیتحادی، دوو مەترسیی تێدایە بۆ عێراق؛ مەترسییەکان ڕەهەندی یاسایی و سیاسییان هەیە. سەبارەت بە ڕەهەندە یاساییەکە، بەپێی ئەم بڕیارە بێت گشت ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی کە عێراق لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٥ پەسەندی کردووە، دەخرێتە ژێر پرسیاری دەستووریبوون؛ ئینجا ڕێککەوتننامەکە دوولایەنە بێت یان فرەلایەن. بە واتایەکی تر گشت ئەو ڕێککەوتنامانەی عێراق لەو ماوەیەدا پەسەندی کردوون، پێویستی بە ڕێژەی یاسایی ٢/٣ی ئەنجومەنی نوێنەرانە، کە ئەمەیش لە زۆربەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە پەسەندکراوەکانی عێراقدا بەرجەستە نەبووە. عێراق لە ماوەی نێوان ٢٠٠٥ و تاوەکوو دەرچوونی یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠١٥ دەربارەی بەستنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، دەیان ڕێککەوتننامەی پەسەند کردووە، کە ڕەهەندی ئابووری، ئەمنی، وەبەرهێنان و...یان هەبووە؛ دەکرێ بەشێکی زۆری ئەو ڕێککەوتننامانە، تانەی نادەستووریبوونیان لێ بدرێت. ئەمەیش ناوبانگ (سومعە)ی نێودەوڵەتیی عێراق دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە چۆن ڕێککەوتننامەیەك، بۆ نموونە ڕێککەوتننامەکەی "خۆر عەبدوڵڵا" کە لە ساڵی ٢٠١٣وە پەسەند کراوە، دوای دە ساڵ بەتاکلایەنە لەلایەن عێراقەوە هەڵبوەشێتەوە؟ یان ئەو ڕێککەوتننامانەی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی تر واژۆ کراون. دەکرێت بە دەیان ڕێککەوتننامەی تریش تانەیان لێ بدرێت و عێراق بخرێتە دۆخێکی یاسایی نێودەوڵەتیی کارەساتبارەوە؛ بەمەیش عێراق ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتی دەبێتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە: ئەگەر کوێت بەم هەڵوەشانەوە تاکلایەنە ڕازی نەبوو، عێراق بە زەبر و هێز بڕیاری دادگەکە جێبەجێ دەکات؟ ئایا

مێژوو خۆی دووباره دەكاتەوە؟

سەبارەت بە ڕەهەندە سیاسییەکەی، دادگەی ئیتحادی زۆر بەدرێژی باسی لە مێژووی پڕکێشەی نێوان کوێت و عێراق کردووە. هەر لە ساڵی ١٥٤٦ەوە پێیدا هاتووە تا ساڵی ١٩٩٠؛ بەناڕاستەوخۆ باس لەوە دەکات کە کێشەکانی عێراق و کوێت چارەسەر نەبوونە و، دادگەکە نەیویستووە ناوە فەرمییەکەی کوێت کە "دولة الكويت"ە بەکار بێنێت، وەکوو ئاماژەیەك کە کوێت بەشێك بووە لە عێراق. بڕیارەکەی دادگە بەڕوونی باس لەوە دەکات بریتانییەکان بە درێژایی مێژوو بەرگرییان لە کوێت کردووە؛ نە تەسلیمی عوسمانییەکان و نە عێراقییەکانیش کردووە. مەترسییە سیاسییەکە بۆ عێراق ئەوەیە، عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٦١ بەفەرمی گەڕانەوەی کوێت بۆ عێراقی ڕاگەیاند و لە ساڵی ١٩٦٣ بەو دەردە چوو و لەسێدارە درا. دواتر لە ساڵی ١٩٦٦ عەبدولڕەحمان عارف، دیسان دۆسیەی داگیرکردنی کوێتی کردەوە و دواتر بەعسییەکانی ١٩٦٨، لە سەرۆکایەتی بەدەریان نا. لە ساڵی ١٩٩٠ سەددام حوسێن، کوێتی داگیر کرد و دواتر بینیمان عێراق چیی بەسەر هات. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا دادگەی ئیتحادی دەیەوێت ئەو دۆسیەیە دیسان بکاتەوە؟! ئایا دەستێك لە پشت ئەم بڕیارەوەیە، یان تەنیا غرووڕێکی عێراقچێتییە؟ بێ گومان بەتەنیا کوێت نا بەڵام بریتانیا و ئەمریکا وەڵامیان بۆ ئەم پرسە دەبێت.

**سوودوەرگرتنی هەرێم لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان**

لە ساڵی ١٩٩١ەوە تاوەکوو ئێستا هەرێمی کوردستان ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی بە واتای یاسای نێودەوڵەتی پەسەند نەکردووە، بەڵام چەندان یاداشتی لێکتێگەیشتنی واژۆ کردووە؛ گرنگترینی ئەو یاداشتانە بریتین لە: یاداشتی نێوان سەرۆکی هەرێم و وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا لە ١٥/٦/٢٠١٠ و، یاداشتی لێکتێگەیشتنی ١٢/٧/٢٠١٦ لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا دەربارەی جەنگی داعش. وەک لە دەستوور و یاسای عێراقی ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠١٥ی یاسای بەستنی ڕێککەوتننامەکاندا هاتووە؛ دەسەڵاتە فیدراڵییەکانی عێراق ئەرکی دانوستاندن و واژۆکردن و پەسەندکردن و تۆمارکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانیان لە ئەستۆدایە. سروشتی ڕێککەوتننامەکان ئەوەیە کە بەسەر گشت دەوڵەتدا جێبەجێ دەبێت، بێ ئەوەی پێویست بکات پەرلەمانی هەرێم یاسای بەرکارکردنی بۆ دەربکات.

پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن هەرێم سوود لەم ڕێککەوتننامانە وەرگرێت؟ یەکەم خاڵ ئەوەیە کە هەرێم نابێت بە هەمان عەقڵییەتی عێراقی بڕوانێتە ڕێککەوتننامەکان، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، هەرێم پێویستە بەبایەخەوە بڕوانێتە ڕێککەوتننامەکان. وەکوو دەزانرێت، ڕێککەوتننامەکان بە قۆناغی جۆراوجۆردا تێ دەپەڕێت. هەر لە قۆناغی دانوستاندنەوە، هەرێم پێویستە ئاگاداری بابەتەکە بێت و بتوانێت کاریگەریی هەبێت لەسەر داڕشتنی دەقی ڕێککەوتننامەکان؛ بەتایبەت وەزارەتی دەرەوە، کە دەسەڵاتی تەواوی لە بابەتی دانوستاندن و واژۆکردن هەیە. سەبارەت بە پەسەندکردنیش، دەکرێت نوێنەرانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتیی کۆمار، دەسەڵاتەکانیان بخەنە کار بۆ ڕێگریکردن لە هەر بابەتێك کە دژی هەرێمی کوردستان بێت و، بە هەموو ئامرازە یاسایی و سیاسییەکان بەرپەرچی ئەو دەقانە بدەنەوە.

بەڵام پێویستە بگوترێت، زۆربەی زۆری دەقەکانی ڕێککەوتننامەکان بابەتی گرنگی تێدایە کە دەکرێت لە کاتی جێبەجێکردن لە ئاستی ناوخۆی عێراق سوودی لێ وەرگیرێت. دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان- کە حکوومەتی هەرێمە- دەتوانێت میکانیزم بدۆزێتەوە بۆ جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆی

ڕێککەوتننامەکان لە ئاستی هەرێم؛ یان سوود لە پێگەی وەزیری دەرەوەی عێراق وەرگرێت و لە ڕێی ئەوەوە وا بکرێت کە ڕێککەوتننامەکان سوودیان بۆ هەرێم هەبێت.

وەک دەزانین، پێگەی نێودەوڵەتی و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ جیهانی دەرەوە، پایەی سەرەکین بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێم. ئینجا پێویستە هەرێم کار لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتننامە دوولایەن و فرەلایەنانە بکات، کە عێراق پەسەندی کردوون. ئەم بابەتەیش لە ڕووی یاساییەوە کێشەیەکی ئەوتۆی نییە، لەبەر ئەوەی عێراق قبووڵی کردووە؛ ئینجا شێوازی جێبەجێکردنەکە دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتە ناوخۆییەکانی عێراق. واتە ڕێککەوتننامە پەسەندکراوەکە، چوارچێوەیەکی یاساییە بۆ دامەزراوە عێراقی و کوردستانییەکان بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە.

سەبارەت بەم پرسە چەندان پرسیار دێتە پێشەوە: تاچەند – بۆ نموونە – هەرێمی کوردستان سوودی لە ڕێککەوتننامەی کۆماری عێراق و یەکێتیی ئەوروپا لە بواری شەراکەتی ستراتیژی لە بواری وزە وەرگرتووە کە لە ساڵی ٢٠١٢وە لە عێراق چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە؟ یان ڕێککەوتننامەی شەراکەت و هاریکاریی نێوان عێراق و یەکێتیی ئەوروپا و وڵاتانی ئەندام، کە لە ساڵی ٢٠١٣وە پەسەند کراوە و زیاتر لە (١٨٠) لاپەڕە دەبێت؟ پێش چەند ڕۆژێك لە ٢٨/٨/٢٠٢٣ ڕێککەوتننامەی دوولایەنەی نێوان کۆماری عێراق و ئیمارات دەربارەی هاندان و پاراستنی وەبەرهێنان، چووە بواری جێبەجێکردنەوە، لە کاتێکدا دەزانین ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم و ئیمارات لە لووتکەدایە و، یاساکانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە یاساکانی عێراق هاندەرن بۆ وەبەرهێنانی بیانی. لە کاتی ئێستادا ئەنجومەنی نوێنەران خەریکی پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی شەراکەتی ستراتیژین لەگەڵ فەڕەنسا لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی و سەربازی و ئابووری و ڕۆشنبیری و هتد. ئایا تاچەند دەتوانێت سوود لەو ڕێککەوتننامانەی سەرەوە وەرگرێت؟

ئەمانەی سەرەوە چەند نموونەیەکی کەمن. ڕێککەوتننامە پەسەندکراوەکان لەلایەن عێراقەوە، بەشێکن لە یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم و، پێویستە کاریان لەسەر بکرێت. ئەگەر عێراقیش بابەتێکی جێبەجێ نەکردبێت وەکوو ئەرکێکی نێودەوڵەتی، دەکرێت هەرێم کاریان لەسەر بکات و سوودی لێ وەرگرێت. بۆ نموونە ڕێککەوتننامەی ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨ کە لەلایەن عێراقەوە لە ساڵی ١٩٥٩ پەسەند کراوە، لە ئاستی عێراقدا کارێکی ئەوتۆی لەسەر نەکراوە؛ زۆر گرنگ دەبێت هەرێمی کوردستان لە ئاستی خۆیەوە کاری لەسەر بکات و تاوانی جینۆساید بخاتە ناو سیستەمی یاسایی خۆیەوە.

**کۆتا وشە**

ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و جێبەجێکردنیان لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، دەروازەیەکی گرنگە بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان. ڕێککەوتننامەکان ئامرازێکی گرنگن بۆ بەدامەزراوەییکردنی پەیوەندییەکان. ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە ئاستی دەسەڵاتدارانی فیدراڵیدت دانوستاندن و پەسەندکردنیان بۆ دەکرێت، بەڵام دەتوانرێت ڕێککەوتننامەکە دوای دیراسەتکردن و دانانی میکانیزمی گونجاو، سوود و قازانجەکەی بۆ هەرێمی کوردستان بێت.